# سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ و ڕۆڵی لە دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی لە هەرێمی کوردستاندا/ توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**ID No. 830**

(PP 105 - 122)

https://doi.org/10.21271/zjhs.27.5.7

**ئازاد عەبدولعەزیز محمد**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر

azad.mohammed1@su.edu.krd

**الاستلام : 2023/01/02**

**القــبول : 2023/02/20**

**النـــــشر : 2023/10/15**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە بۆ دیاریکردنی ئەو ڕێکار و ڕێنوێنییانەیە، کە پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ خستویانەتەڕوو، بۆ بەکارهێنەرانیان لە کاتێک، کە ڕووبەڕووی کێشە دەبنەوە، توێژەریش دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ئەوەی کە تا چەند ڕۆژنامەنووسانی کورد شارەزاییان لە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ هەیە و خۆیان لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی دا دەبیننەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: ناساندنی ڕێنوێنییەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێیە سەبارەت بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی. ئاشکراکردنی ڕادەی هۆشیاریی و زانیاریی تاکەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو ڕێکارانە، کە پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ دەیگرنە بەر لە کاتی مامەڵەی ناپیشەییانەی بەکارهێنەران لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوە، ئامرازی سەرەکی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانیش بریتییە لە فۆڕمی ڕاپرسی، کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە ڕۆژنامەنووسانی هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان پێکدێت، سامپڵی توێژینەوەش، کە بە شێوەیەکی مەبەستدار(110) وەرگیراوە، کە پێکهاتوون لەو ڕۆژنامەنووسانەی، کە لە میدیای نوێدا کاردەکەن.

**وشە سەرەکییەکان:** سیاسەتی میدیا، میدیای نوێ، بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، ڕۆڵ، پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان، هەرێمی کوردستان.

## پێشەکی:

گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا، میدیای نوێ خۆی خزاندۆتە نێو دەستی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگە؛ وەك بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکەکان و بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و سوود وەرگرتن لێی لە بڵاوکردنەوەی وێنە و زانیاری و ڤیدیۆ و سەرجەم ئەو شتانەی، کە دەیانەوێت لە پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ بڵاوی بکەنەوە و هەموو شێوازەکانی مۆنتاژی فۆتۆیی و ڤیدیۆیی تیادا ئەنجام بدەن و تەنانەت بە ئاسانی دەتوانن پەخشیان بکەن، کەواتە هەموو ئەمانە ئەگەر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا نەکرێت، کاریگەری نەرێنی لەسەر بەها کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات و دەبێتە هۆی ئەوەی بەکارهێنەر نەتوانێت بە ئاسایی بجوڵێتەوە، لەبەر ئەوەی بەردەوام لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی.

توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕادەی هۆشیاریی و زانیاریی تاکەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو ڕێکارانە کە پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ دەیگرنە بەر لە کاتی مامەڵەی ناپیشەییانەی بەکارهێنەران لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. هەروەها دەستنیشانکردنی ڕادەی سیاسەتی پلاتفۆڕمەکان لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی و ئاشناکردنی تاکەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێکارەکان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان لە کاتی ناوزڕاندیان لە پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا.

فاکتەری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە نێو بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ کوردیدا بەشێک لە بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکان ئاشنانین بەو ڕێنمایی و ڕێکار و سیاسەتانە کە لەکاتی پێشێلکردنی مافەکانیان لەلایەن بەکارهێنەرانی دیکەوە، لەچوارچێوەی ئەو ئازادییەی، کە لە میدیای نوێدا هەیە، نازانن چۆن مافەکانیان بپارێزن، سەرەڕای نەبوونی توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا.

توێژینەوەکە بەسەر سێ بەش دابەش کراوە: بەشی یەکەم: ڕەهەند و ڕێکارەکانی توێژینەوە، بەشی دووەم: لایەنی تیۆریی توێژینەوە، بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە.

**1- چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:**

**یەکەم: ڕەهەند و ڕێکارەکانی توێژینەوە:**

**1 -1-1- کێشەی توێژینەوەکە:**

هەر پلاتفۆڕمێکی میدیای نوێ سیاسەتێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە پەیرەوی دەکات و لەڕێی ئەم سیاسەتەوە ئەخلاقی پیشەیی بۆ بەکارهێنەرەکانیان دیاریدەکات، کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە لەگەڵ بوونی ئەم سیاسەتەش تائێستاش بەشێک لە بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکان ئاشنانین بەم سیاسەتانە و لەکاتی پێشێلکردنی مافەکانیان لەلایەن بەکارهێنەرانی دیکەوە، نازانن چۆن مافەکانیان بپارێزن لەچوارچێوەی ئەو ئازادییەی، کە لە میدیای نوێدا هەیە. لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێک دەدات، کە پەیوەندیدارن بە کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە ئەوانیش بریتین لە:

1- ئایا بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستاندا تاچەند هۆشیاریی و زانیاریان لەسەر سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ هەیە؟

2- ئەو ڕێنمایی و ڕێکارانە چین کە دەبێ بەکارهێنەری میدیای نوێ بیگرنەبەر لەکاتێکدا مافیان لەلایەن بەکارهێنەرێکی دیکەوە پێشێل دەکرێت؟

3- ئایا دارێژەرانی سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ تاچەند دەتوانن بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لای بەکارهێنەرەکانیان دروست بکەن؟

4- ئایا بەکارهێنەری کورد تا چەند متمانەی بە سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ هەیە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی؟

**1-1-2- گرنگیی توێژینەوەکە:**

1- یەك لە گرنگییەکانی لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەپێ زانیاری توێژەر کە تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستی ئەوتۆ لە بارەی ڕێنوینیی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ سەبارەت بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بە زمانی کوردی ئەنجام نەدراوە.

2- ئاشناکردنی تاکەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێکارەکان بۆ وەرگرتنی مافەکانیان لە کاتی ناوزڕاندیان لە پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکاندا.

3- لە بواری تیۆرییەوە کۆمەڵێك زانیاری گرنگ پێشکەش بە بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ دەکات بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیان سوودی لێوەربگرن.

**1-1-3- ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

**1**- ناساندنی ڕێنوێنییەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێیە سەبارەت بە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی.

2- ئاشکراکردنی ڕادەی هۆشیاریی و زانیاریی تاکەکانی هەرێمی کوردستان لەسەر ئەو ڕێکارانە، کە پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ دەیگرنە بەر لە کاتی مامەڵەی نائەخلاقی بەکارهێنەران لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا.

3- دەستنیشانکردنی ڕادەی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی پلاتفۆڕمەکان لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی.

4- ئاشکراکردنی ڕۆڵی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێیە لە دروستکردنی ئەخلاقی پیشەیی لەلای ڕۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی.

5- ئاشکراکردنی بوونی یان نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئامارییە لە ڕۆڵی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ لە دروستکردنی ئەخلاقی پیشەیی لەلای ڕۆژنامەنووسان بەپێی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

**1-1-4- جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە خۆی لە توێژینەوەیەکی وەسفیدا دەبینێتەوە، کە تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتووە، ئەمەش میتۆدێکی گونجاوە بۆ ئەم جۆرە توێژینەوانە. لەبەر ئەوەی یەکێکە لە میتۆدە زانستییە بەربڵاو و بەکارهاتووەکانی توێژینەوە، بەتایبەتی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا لەنێویشیان توێژینەوەکانی بواری میدیایی.

**1-1-5- کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە :**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێن لە رۆژنامەنووسان، کە لە میدیای نوێدا کاردەکەن، و سامپڵی مەبەسدار هەڵبژێردراوە، لە رێگەی فورمی راپرسییەوە بەشێوەیەکی ئونلاین (110) رۆژنامەنووسی میدیای نوێ فۆرمەکەیان پڕ کردووتەوە. هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم سامپڵەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەو رۆژنامەنووسانە زیاتر شارەزان لە پلاتفۆرمەکان و میدیا نوێدا.

**1-1-6- بوارەکانی توێژینەوەکە:**

1- بواری مرۆیی: توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی بە شێوەی ئەلیکترۆنی ئاراستەی رۆژنامەنووسانی هەر چوار پارێزگای(هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەڵەبجە) هەرێمی کوردستان کردوون.

2- بواری کات: 2022/11/1 تا 2022/12/1 دەگرێتەوە.

3- بواری شوێن: هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆك و هەلەبجە) لە خۆی دەگرێت.

**1-1-7- ئامرازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاری فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێندراوە، کە بەسەر چوار تەوەردا دابەشکراوە، تەوەری یەکەم: زانیارییە گشتییەکان، کە لە (4) پرسیاری گشتی پێکهاتوون، تەوەری دووەم: پرسیارە تایبەتەکان لەبارەی سیاسەتی پلاتفۆرمەکان و بەکارهێنانیان، کە لە (8) پرسیاری سەرەکی پکهاتوون، تەوەری سێیەم: رێنمایی و رێکارەکان، کە پێویستە بەکارهێنەری میدیای نوێ بیانگرنە بەر لەکاتێکدا مافیان لەلایەن بەکارهێنەرێکی دیکەوە پێشێل دەکرێت، کە لە (10) بڕگە پێکدێت. و تەوەری چوارەم: مامەڵەی بەکارهێنەران لەگەڵ خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکاندا، کە لە (13) بڕگە پێکدێت. بە سەر (110) رۆژنامەنووس دابەشداربوون بە شێوەی ئونلاین.

**1-1-8- پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی:**

بە مەبەستی دڵنیابوون لە کارایی فۆڕمی ڕاپرسیی توێژینەوەکە، فۆڕمەکە لەلایەن ژمارەیەك پسپۆری ئەکادیمی* هەڵسەنگێنراوە، دوای وەرگرتنەوەیان و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، چەندین گۆڕانکاری تێدا ئەنجامدراوە، لە ڕێگەی هاوکێشەی "هۆڵستی"یەوە، ڕادەی ڕاستییەکە دەرهێنراوە، کە بریتییە لە (93.1%)، ئەمەش لە ڕووی زانستییەوە بە ڕێژەیەکی پەسەندکراو دادەنرێت.

**1-1-9- ڕادەی جێگیریی:**

بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگریی فۆڕمی ڕاپرسیی، بە بەکارهێنانی پێوەری "ئەلفا-کرۆنباخ" دەردەکەوێت، کە سەرجەم پرسیارەکانی توێژینەوەی مەیدانی، بەهاکەی بریتییە لە (.726)؛ ئەمەش ئاستێکی بەرزی جێگیریی فۆڕمی ڕاپرسییەکەیە.

**دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو:**

**1-2-1**-(Bayer, 2019) لە توێژینەوەیەکەیدا کە لەژێر ناوی (Between Anarchy and Censorship Public discourse and the duties of social media)، بە ئامانجی ئاشکرا کردنی ڕێسای گشتی پاراستنی زانیارییەکان *(GDPR) و هەروەها ئامراز و ڕێساکانی دیکە لە سەرانسەری جیهاندا هەوڵیان دا ڕووبەڕووی ئەو کاریگەرییە نەرێنیانە ببنەوە کە بە هۆی کۆمپانیاکانی سۆشیال میدیاوە سەریانهەڵداوە ئایا دەبێ بەرپرسیارێتی ئەوان چیبێ و لێپرسینەوەیان لەگەڵ کێدا هەیە؟ هەروەها زانینی دابینکەرانی پلاتفۆڕمی

* ناوی شارەزایان و پسپۆڕانی هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ڕاپرسی:

1- پ.ی.د. ڕێبەر گوران/ ڕاگەیاندن/ زانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی.

2- پ.ی. د. صادق حمەغریب حمەصالح/ ڕاگەیاندن/ زانکۆی سەلاحەددین.

3- پ.ی.د. جوان بەهادین عەلی/ ڕاگەیاندن/ زانکۆی کۆیە.

4- پ.ی.م. هەردەوان محمود کاکەشێخ/ راگەیاندن/ زاکۆی سەلاحەددین.

5- د. وریا رۆستەم محمد/ راگەیاندن/ زاکۆی سەلاحەددین.

*General Data Protection Regulation

ئۆنلاین، و لەنێویاندا پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیا، پاکێجێکی نوێی خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەن بە کۆکردنەوەی زانیاری و دابینکردنی پردێک لە نێوان دابینکردن و داواکاری بۆ زانینی ئەوەیە کە لە چ ئاستێکدایە.

ئەم توێژنەوەیە، توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ پلاتفۆڕمەکانی سوشیال میدیا لە ئەوروپا، کە بەهاوکاری سەنتەری توێژینەوەی سیاسەتی ئەوروپا (Studies Centre for European Policy) ئەنجام دراوە.

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە بریتی بووە: پلاتفۆڕمەکان دەبێت دڵنیابن لەوەی ژینگەکەیان جێگەی متمانە و سەلامەتە بۆ هەموو هاوڵاتییەک. ئەلگۆریتمەکانی هەڵبژاردنی ناوەڕۆک دەبێ بنەما شەفافەکان پەیڕەو بکەن، بەکارهێنەران بەهێز بکەن و هەمەجۆریی و متمانەپێکراوی لە پێشینە دابنێن. پلاتفۆڕمەکان – ئەم ئەکتەرە بازرگانییە مانادارانە لە ئیبەیەوە(eBay) تا فەیسبووک – پێویستە بە ڕوونی پێناسە بکرێن و ئەرکەکانیان لە ئاستی یەکێتی ئەوروپادا ڕێکبخرێن. پلاتفۆڕمەکانی سۆشیال میدیا ئەوەندە بەهێز بوونە کە کاریگەری هەستپێکراو لە کۆمەڵگەدا لەسەر ئاستی جیهانی دروست دەکەن. ئەوان ئاسانکاری بۆ گفتوگۆی گشتی دەکەن، و بە بڕێکی زۆر لە زانیاری کەسی کاردەکەن – هەردوو چالاکییەکە کاریگەرییان لەسەر مافەکانی مرۆڤ و سەروەری یاسا هەیە.

ئەم خزمەتگوزارییە تایبەتانە پێویستیان بە ڕێکخستنەوە هەیە: بەپێی ئەم توێژینەوەیە، پێویستە پاکێجێکی یاسایی نوێ دروست بکرێت بۆ دیاریکردنی پێناسەی ڕوون، لە لایەنی ماف و بەرپرسیارێتی پلاتفۆڕمەکان.

**1-2-2-** (Yujie, Yasin, Bin Shekh Alsagoff, Hoon, 2022) لە توێژینەوەکەیاندا کە بەناوی ( The Mediating Role of New Media Engagement in This Digital Age)، ئەنجامداوە، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لێکۆڵینەوەیە لە ڕۆڵی نێوەندگیری بەشداریکردنی میدیای نوێ لە سەردەمی دیجیتاڵیدا. جگە لەوەش ئەم توێژینەوەیە چەمکی میدیای نوێ پێناسە دەکات و تیشک دەخاتە سەر تایبەتمەندییەکانی تەکنەلۆژیای میدیای نوێ و شیکاری بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای میدیای نوێ لە چەرخی دیجیتاڵیدا. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی، کە ئاماژەیان پێکراوە، توێژەران ڕاپرسییەکی پرسیارنامە کە 100 فۆرمی بە شێوەیەکی هەرەمەکی بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەکارهێناوە، بۆ ئەوەی نیشان بدەن، کە بەشداریکردنی میدیای نوێ ڕۆڵێکی نێوەندگیری دەگێڕێت لە نێوان ئەو ڕێنماییانەی، کە لە ئێستادا پێشکەش بە ژووری هەواڵەکان دەکرێن لەگەڵ هەڵوێستی خەڵک بەرامبەر بە سۆشیال میدیا. سەرباری ئەمە توێژینەوەکە خۆی لە بواری وەسفی دەبینێتەوە.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: زۆرینەی تاکەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بەشداریکردنی ئەرێنی لەگەڵ تەکنەلۆژیا نوێیەکانی میدیادا نیشان دەدەن. خەڵکی ئەم سەردەمە پێیان وایە سۆشیال میدیا سەلامەتە و کەمتر مەترسیدارە بۆ تاکەکان لە رووی پەیوەندی و کارلێککردنە.

**1-2-3-** (بوقلــوف، 2018) لە توێژینەوەکەیدا بەناوی (**إستخدام مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على القيم الأخلاقية والإجتماعية-دراسة مسحية لعينة من المراهقين الجزائريين المستخدمين لموقع الفايس بوك**) کە لە جەزائیر ئەنجامی داوە، ئامانجی ئاشکراکردنی کاریگەری بەکارهێنانی پلاتفۆڕمی فەیسبووک لەسەر بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانی هەرزەکارە خوێندەوارەجەزائیرییەکان.

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە، پشت بە شێوازی فۆڕمی ڕاپرسی بەستراوە، هەروەها تەنها بەکارهێنەرانی فەیسبووک بە مەبەست لە نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هەڵبژێردراون.

ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

هیچ پەیوەندییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکە لەلایەن هەرزەکارانی جەزائیر و پەیوەندییان بە فەیسبووک و بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە نییە. هەروەها هیچ پەیوەندییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان بەکارهێنانی فەیسبووکی لەلایەن هەرزەکارانی جەزائیر و زاڵبوونیان بەسەر هەندێک ڕەفتاری نەرێنیدا نییە.

**1-2-4-** (الخريشة، 2016)، توێژینەوەکەی بەناوی (**أخلاقيات استخدام شبكات التواصل الإجتماعي- من وجهة نظر مدرسي الإعلام والقانون في الجامعات الأردنية**) ئەنجام داوە. بە مەبەستی گەیشتن بە میساقێکی ئەخلاقی بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی کۆمەڵایەتی لەلایەن جەماوەرەوە، ئەم توێژینەوەیە دەچێتە ناو چوارچێوەی توێژینەوەیەکی وەسفی، بۆ ئەمەش فۆڕمی راپرسی بەکارهێناوە، بەسەر (63) پرۆفیسۆری تایبەت بە میدیا و یاسا لە زانکۆکانی ئوردن دابەشیکردووە. بۆ سەلماندنی توێژینەوەکەی، توێژەر هەر سێ تیۆری بەکارهێنان و تێربوون، پشتبەستن و بەرپرسیارێتی بەکارهێناوە.

گرنگترین ئەنجامەکانی بریتین لە: ڕێزگرتن لە تایبەتمەندی تاک دەبێت لە پێشەنگی توخمە ئەخلاقییەکان بێت لە بەکارهێنانی تۆڕەکان لەلایەن جەماوەرەوە. خێزان بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە ڕێنماییکردنی منداڵەکان بۆ هەڵبژاردنی گونجاوترین و باشترین ڕێگە بۆ منداڵەکانیان لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن بەگشتی و تۆڕەکانی پەیوەندیکردن بەتایبەتی. دیارترین بەها ئەخلاقییەکان، کە ئەکادیمیست و پیشەکارانی میدیا و یاسا لەسەری کۆکن لەکاتی بڵاوکردنەوە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بریتین لە: ڕاستگۆیی، متمانە لە کاتی بڵاوکردنەوەی هەر شتێک، پاراستنی ئەخلاقی گشتی، لانەدان لە سنوورە ئەخلاقییەکان و یاساییەکان لە پەیوەندیکردندا، و تەرکیزکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەنێو گەنجاندا.

**سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- دۆزینەوەی چەمکە زانستییەکانی توێژینەوەکە، کە پەیوەستن بە ناوەرۆکی توێژینەوە.

2- یەکێکی دیکە لە سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو، لە رووی تەوزیفکردن و بەکارهێنانی میتۆدی زانستی بووە.

3- توێژینەوەکانی پێشوو یارمەتیدەربوون لە داڕشتنی کێشە و پرسیارەکانی ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

4- یارمەتیدەربوون بۆ گەیشتن بە چەندین سەرچاوەی گرنگ، کە سوودیان لە داڕشتنی لایەنی تیۆریی ئەم توێژینەوەیەدا هەبووە.

**سێیەم:چەمکەکان:**

**1-3-1- سیاسەتی میدیا:** بریتین لە کۆمەڵە بنەما و پێوەرێك، کە چالاکییەکانی دەوڵەت بەرەو پرۆسەکانی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن و هاوئاهەنگی سیستەمی جیاواز دەبەن و فۆرمەکانی پەیوەندیکردن، بەتایبەتی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری و دەزگا سەرەکییەکانی زانیاری، بەمەبەستی بەدەستهێنانی باشترین ئەنجامی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی ئەو مۆدێلە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی، کە دەوڵەت پەسەندی دەکات (خرشي، 2021).

مەبەست لە سیاسەتی میدیا بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو پرەنسیپ و پێوەرو ڕێکارانەی کە ئامڕازە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندن، بە تایبەتی میدیای نوێ، وەك بنەماگەلێك بەکاریان دەهێنن بۆ ڕێکخستنی ئەرك وچالاکییەکانیان بە ئامانجی هەرچی باشترخزمەتکردنی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکانی ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردستان.

**1-3-2- میدیای نوێ:**

مارتن لیستەر (Martin Lister) پێیوایە میدیای نوێ بریتییە لە: کۆمەڵێك تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن، کە لە ئەنجامی یەکگرتنی کۆمپیوتەر و ئامرازەکانی میدیای کۆن، چاپکردن و ڤیدیۆ و فۆتۆگرافی و دەنگ، دروست دەبێت ( Martin Lister,et al, 2009, p. 13).

میدیای نوێ لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەیە بۆ میدیای ئەلیکترۆنی، واتە میدیای ئینتەرنێتی بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە تایبەتی سۆشیاڵمیدیا کە لە ڕێگەی تەکنۆلۆژیای نوێی ڕاگەیاندن و پەیوەندیکردنەوە ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزاری میدیایی و کارلێکی پێشکەش دەکەن.

**1-3-3- بەرپرسیارێتی ئەخلاقی:**

بەرپرسیارێتی ئەخلاقی ئەو بەرپرسیارێتییە، کەلە پابەندبوون بە بنەمای ئەخلاقییەکان لەلایەن دەزگا و بەکارهێنەرانەوە دروست دەبێت، واتە بەرپرسیارێتییەکە لە ئەنجامی پێشێلکردنی بنەمایەکی ئەخلاقی لە ئایین یان داب و نەریتدا سەرهەڵدەدات و پێویستی بە ئیرادەی بکەر هەیە، بۆیە هەر کەسێک بە بێ ویست و ئیرادەی خۆی کارێك ئەنجام بدات لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە بەرپرسیار نازانرێت (تنیو، 2019، ل. 232).

بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بۆ ئەم توێژینەوەیە مەبەست لێ ڕەچاوکردنی ئیتیك و ڕەوشتی ڕاگەیاندنە لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنەوە بە تایبەتی لە سۆشیاڵمیدیادا، هەتاوەك و ئەرکەکانی خزمەت بە میللەتی کوردستان بکات و، دژی ئاین و دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی نەبێت.

**1-3-4- ڕۆڵ:**

ڕۆڵ: بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو گۆڕانکارییە هۆشیاری و، ویژدانی و، رەفتارییەی کە میدیای نوێ لە رێگەی ئەرك و خزمەتگوزارییەکانیەوە لە وەرگر و بەکارهێنەرەکەیدا بەدیدەهێنێ.

**1-3-5- پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان**

بۆید و ئێلیسۆن دەڵێت: ماڵپەڕەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لەخزمەتگوزارییەکی پشتبەستوو بە تۆڕی ئینتەرنێت، کە ڕێگە بە تاکەکان دەدات پرۆفایلی گشتی، یان نیمچە گشتی لەناو سیستەمێکی سنووردداردا دروست بکەن، لەگەڵ لیستێک لەبەکارهێنەرانی دیکەدا گفتوگۆبکەن، ئەوانەی، کە پەیوەندییان لەگەڵدا گرێدەدەن و بەشداریی دیدو بۆچوونیان لەگەڵ یەکتر دەکەن، هەروەها بەناو لیستی پەیوەندییەکانی خۆیان و هی ئەوانەشدا دەگەڕێن کە لەلایەن کەسانی تردا دروستکراون لەناو سیستمەکەدا (danah, Nicole, 2007, p. 210).

مەبەست لە پلاتفۆڕمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ ئەم توێژینەوەیە بریتین لەو ماڵپەڕ، یان وێبسایتانەی کە لە رێگەی تۆڕی ئینتەنێت و تەکنۆلۆژیای نوێی پەیوەندیکردنەوە خزمەتگوزاری میدیایی و کارلێکی پێشکەش دەکەن بە بەکاربەران و، هەریەکەو خاوەنی پرینسیپ و پەیڕەوەی تایبەتی خۆیانن بۆ جۆرو شێوازو رادەی ئاڵوگۆڕو بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان و پەیوەندیکردن، وەك:فەیسبوك، تویتەر، وۆتسئەپ، ئینستاگرام، تیلیگرام و...هتد.

**1-3-6- هەرێمی کوردستان:**

مەبەست لە دەستەواژەی هەرێمی کوردستان ئەو ناوچە جوگرافیاییە، کە دەکەوێتە نێو دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی حوکمی فیدراڵییە، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدراڵ، لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە پشتبەستن بە دەقی دەستووری هەمیشەیی عیراق، دانی پێدانراوە (رەسوڵ، عەلی، ٢٠١٩، ل.20).

**2-لایەنی تیۆری توێژینەوەکە**

**2-1- دەرکەوتنی میدیای نوێ:**

یەکەم کەس کە زاراوەی میدیای نوێی بەکارهێنا، مارشال مەکلۆهان بوو، لە ساڵی ١٩٥٣ کاتێک باسی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و توانای کۆکردنەوەی زانیاری و گەیاندنی بە سەرانسەری جیهان لە ڕێگەی ئەم تایبەتمەندییە تەکنەلۆژییە نوێیەوە (تەلەڤزیۆن) کردووە (عقیلە، 2015، ص.11). بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش لە دوای ساڵی ١٩٦٠ زیادیکرد لەگەڵ بەرزبوونەوەی بەرهەمهێنانی بەرنامەی ڕاستەوخۆ لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان، هەروەها ئاستی بەرزی تیراژکردن لەگەڵ سەرهەڵدانی بەرنامەکانی دیکەی وەک بەرنامەکانی بەیانیان لە ئەمریکا، و بەردەوامبوونی نوێبوونەوە بە بەرنامەکانی وەک ئۆپێرا و تابلۆید، و سەرهەڵدانی تەلەفزیۆنی کارلێککەر، کە بە کارلێککارانە تایبەتمەندە، کە یەکێکە لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ، هەروەها ئەگەری بەکارهێنانی لە ڕێگەی پلاتفۆڕمی ئینتەرنێتەوە وەک (گۆڕاوێکی نوێ) (شفیق، 2010، ص.193).

سەرەڕای داهێنانی ئینتەرنێت لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو و سەرهەڵدانی هەندێک جۆری پەیوەندی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە و دواتر گواستنەوەی زانیاری، بەکارهێنانی دەستەواژەی "میدیای نوێ" لە ساڵی ١٩٩٠دا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنرا، وەک خۆی پێی دەوترێت تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی نوێ (Digital Technologies) لە نێوان میدیای تەقلیدی و نوێیدا (الدعمي،2017، ص.55)، ئەم بەرەوپێشچوونە درێژەی کێشا تاوەکو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هاتنە بوون، وەك بلۆگەر و مایسپیس، فیسبووك. تویتەر، یوتیوب...تاد.

**2-2- تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ**

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی میدیای نوێ لەم خاڵانەدا گەڵاڵە دەکرێن:

1- کارلێکی (interactivity): لە کۆندا میدیا تەنیا نێرەر بوو، وەرگریش تەنیا وەرگر، ئەگەر فیدباکێکی ناڕاستەوخۆی هەبوویێت، بەڵام دوای هاتنی میدیای نوێ و ستۆدیۆ ڕاستەوخۆکان لە ئەمڕۆدا کاتێك پەیامەکان لە ڕێگەی ڕاگەیاندنەکانەوە دەدرێنە وەرگر، ئەمە کارێکی پەیوەندیکردنی تایبەتە بۆ ئاراستەکردن و ئاڵوگۆڕکردن، واتە؛ ئاراستەکردنێکی یەکلایەنە نییە، بەڵکو گفتوگۆیەکە لە نێوان دوو لایەندا و ڕاستەوخۆ وەرگر دەتوانێت وەڵام و کاردانەوەی هەبێت بۆ پەیامەکان، کارلێککردن توانای پەیوەندییەکی نوێیە

و وەڵامدانەوەیەکە لەلایەن بەکارهێنەرانیەوە. پرۆسەی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکانیش لە میدیای نوێدا سەریهەڵداوە، کە ئەمە مۆدێلێکی نوێی میدیایە، کە تیایدا وەرگریش توانای بەشداریکردنی هەیە. جگە لەوەی توانیویەتی وەرگر و نێرەر لەیەك کەسدا کۆبکاتەوە، واتە؛ هەموو بەکارهێنەرەکانی سۆشیا میدیا وەرگرن، لە هەمان کاتیشدا نێرەریشن (حەمەسەعید، ٢٠١٩، ل67).

2 فرەجۆری (Variety): واتە، هەمەڕەنگی لە ئامرازەکانی پەیوەندیکردندا، لەهەمانکاتدا هەمەچەشنی لە پەیامەکان، لەیەك کاتدا دەنگ و ڕەنگ و تێکست و وێنە لە بەردەستی وەرگردایە، کە وا لە وەرگر دەکات، ئازاد بێت و کۆمەڵێك هەڵبژاردەی هەبێت بۆ وەرگرتنی پەیامە میدیاییەکان و بەکارهێنانی ئامرازە جۆراوجۆرەکان، پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی وەرگر لە ڕێگەی ئەو کەناڵەی کە خۆی چێژی لێ دەبینێت (ئیروانی، 2020، ل16).

3- پابەندنەبوون (asynchrony): داهێنانێک، کە میدیای نوێ کردی پەیوەست نەبوونە بە کات و شوێن، لە میدیای کۆندا دەبوو چاوەڕێی کاتە دیاریکراوەکانی هەواڵ و زانیاری بیت لە تەلەڤزیۆن، یان دەرچوونی ڕۆژنامەکان، یان ڕادیۆ و هەندێك لەم ئامێرانە نەدەتوانرا لە هەموو کات و شوێنێکدا بەکاربهێندرێت، بەڵام لە ئێستادا بەهۆی هاتنی چەندین ئامرازی نوێی وەك مۆبایل و ئایپاد و ساعەتی زیرەک...هتد لەهەر کات و ساتێکدا دەتوانرێت بەکاربهێنرێت و زانیارییەکان پەیوەست نەبن بە کاتێکی دیاریکراوەوە بۆ پەخشبوونیان (مصطفى، 2017، ص.100).

4- جیهانیبوون (Globalization): میدیای نوێ تایبەتمەندیی جیهانی هەیە و وابەستە نییە بە وڵاتێك، یان ناوچەیەکی دیاریکراوی جوگرافی، یان لۆکاڵیبوونی بابەت و زانیارییەکانی، یان بەکارهێنەرەکانی، ژینگەی پەیوەندیکردن بووەتە ژینگەیەکی جیهانی و هەموو سنوورێکی کات و شوێن و سانسۆرەکانی تێپەڕاندووە (الدليمي، 2021، ص.180).

5- تەواوکاری (Integration): بۆ زانیارییەکانی ناو میدیای نوێ تاکەکان دەتوانن هەر بابەتێك کە مەبەستیانە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکاندا بیپارێزن و هەڵیبگرن، چونکە لە سیستمی ژمارەییدا دەتوانرێت هەموو زانیارییەك هەڵبگیرێت و بە پارێزراوی بۆ ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە (بلعباس، 2022، ص.94).

6- ناجەماوەری بوون (demassification): وەك چۆن لە بوارەکانی دیکەدا خەسڵەتی جیهانی هەیە، لە جەماوەر و بەکارهێنەرەکانیشیدا، هەر بەو شێوەیە، واتە؛ پەیامەکان تەنیا بۆ تاکێك، یان کۆمەڵێکی دیاریکراو، یان بۆ جەماوەرێکی بەفراوان نییە، وەك ئەوەی کە لە پێشتردا هەبوو، هەروەها کار دەکات لەسەر سیستمی پەیوەندیی ڕاستەوخۆ کە ڕاستەوخۆ لە نێرەرەوە دەگاتە وەرگر (حسن، محمود، 2009، ص.320-321).

7- ئاوێتەبوونی ئامرازەکان (Media merger): میدیای نوێ هەموو ئامرازەکانی پەیوەندیی بەکاردەهێنێت، وەك: کۆمپیۆتەر و مۆبایل و ئایپاد، لەهەمان کاتیشدا دەق و وێنەی وەستاو، وێنەی جوڵاو، هەروەها گرافیکی دووانی و سێ لایەنی و چوار لایەنی و...هتد (الشميمري، 2010، ص.184).

8- توانای گەیاندن (Connectivity): واتای پێکەولکاندنی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنە بە چەندین ئامرازی ترەوە، سەرباری تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنەری ناوەڕۆک، بۆ نموونە بەستنەوەی تەلەفزیۆن بە ئامرازێکی ڤیدیۆیی وەک DVD (موکس، 2014، ص.29).

9- تێپەڕاندنی سنووری کولتووری (transcend cultural boundaries): زۆر جار گەشەی کولتوور وابەستەی کات و سەردەم و تایبەتمەندیی جوگرافیی خۆیەتی، بۆ نموونە: لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتێك جیاوازە لە وڵاتیکی دیکە، بۆیە ڕەنگە ئەمە وابکات ئاست و گەشەی کولتووریی تاکەکان جیاوازتر بێت لە ئاست و گەشەی کولتووریی تاکەکانی کۆمەڵگەیەکی دیکە هەروەك دەوترێت تۆڕی ئینتەرنێت بە تۆڕی تۆڕەکان ناسراوە، تۆڕەکانی نێودەوڵەتی و هەرێمی هەموو ساڵێك لە گەشەکردندایە بە ڕێژەیەکی زۆر گەورە بەردەوامە، ئەمە بۆتە هۆی بارگرانی و قورسبوونی شێوازی بەرهەمهێنانی و گەشەکردنی، هەروەها بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ساڵ بە ساڵ لە گەشەکردندایە، کە هەموو سنوورە جوگرافییەکانی بڕیوە و جیهانی بچووککردۆتەوە بۆ گوندێکی بچووك و سەردەمی گڵۆباڵیزەیشن دروست بووە (شهرزاد، 2020، ص.205).

**3-لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە**

دوای دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسییەکە بەسەر سامپڵی توێژینەوەکە و بە داتاکردنی وەڵامەکانیان، لە چەند خشتەیەکدا و بەپێی ڕێزبەندیی و تایبەتمەندی پرسیار و بڕگەکانی ناو ڕاپرسییەکە، ئەنجامەکان لە چوارچێوەی هەریەك لە (دووبارەبوونەوە، ڕێژەی سەدیی، ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی) دەخرێنەروو، دواتریش لەلایەن توێژەرەوە شیکاری زانستییانە بۆ ئەو ئەنجامانە دەکات:

**3-1- ڕەگەز:**

خشتەی (1) ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ڕەگەز | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 73 | 66 |
| 2 | مێ | 37 | 34 |
| کۆی گشتی | | 110 | 100 |

لەم خشتیەدا دەردەکەوێت، کە ڕەگەزی نێر ژمارەیان (73) کەسە و بەرێژەی (66%) لە پلەی یەکەمدایە، لەبەرمبەردا ڕەگەزی مێ ژمارەیان (37) کەسە بە ڕێژەی (34%) لە پلەی دووەمدایە.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی نێرن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە بەشێکی زۆری ڕۆژنامەنووسانی میدیا بەگشتی و بەتایبەتیش میدیای نوێ لە هەرێمی کوردستان لە پیاوان پێکهاتوون، کە لە ناوەندەکانی دیجیتاڵ میدیا و پێگە ئەلیکترۆنییەکان و سوشیاڵ میدیای دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن.

**3-2- تەمەن:**

خشتەی (1) تەمەنی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | تەمەن | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | 24-18 | 10 | 9 |
| 2 | 31-25 | 25 | 23 |
| 3 | 38-32 | 36 | 33 |
| 4 | 45-39 | 25 | 23 |
| 5 | 46 و زیاتر | 14 | 12 |
| کۆی گشتی | | 110 | 100 |

لە خشتەی (2)دا دەردەکەویت، کە بەرێژەی (33%) سامپڵی توێژینەوەکە تەمەنیان لە نێوان (32-38)ساڵدایەو لە پلەی یەکەمدایە. هەروەها ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (25-31) و (39-45) یەك ڕێژەیان هێناوە، بەرێژەی(23%) پلەی دووەمیان وەرگرتووە. بەرێژەی (12%) ئەوانەی تەمەنیان لە (46 و زیاتر)ن، لە پلەی سێیەمدایە، دوا بڕگەش، کە بەرێژەی (9%) ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (18-24)ساڵیدایە، لە پلەی چوارەمدایە.

**3-3- ساڵانی کارکردنی ڕۆژنامەنووسان:**

خشتەی (3) ساڵانی کارکردنی ڕۆژنامەنووسانی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | ساڵانی کارکردن وەك ڕۆژنامەنووس | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | 5-1 | 35 | 32 |
| 2 | 10-6 | 21 | 19 |
| 3 | 15-11 | 21 | 19 |
| 4 | 20-16 | 20 | 18 |
| 5 | 21 و زیاتر | 13 | 12 |
| کۆی گشتی | | 110 | 100 |

لەم خشتەیەدا، ئەوە ڕوون دەبێتەوە، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە، ئەوانەی لە نێوان (1-5) ساڵانی کارکردن وەك ڕۆژنامەنووس لە ناوەندەکانی میدیای نوێ کاردەکەن بەرێژەی (32%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها هەردوو بڕگەی (6-10) و (11-15) ئەوانەی ساڵانی کارکردنیان وەك ڕۆژنامەنووس بەرێژەی (19%) لە پلەی دووەمدان. ئەوانەی ساڵانی کارکردنیان وەك ڕۆژنامەنووس لە نێوان (16-20)دایە بەرێژەی(18%) پلەی سێیەمی وەرگرتووە، ئەوانەی ساڵانی کارکردن وەك ڕۆژنامەنووس لە نێوان (21 و زیاتر) بەرێژەی(12%) کەمترین پلەیان وەرگرتووە.

کەواتە زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی لە ناوەندەکانی میدیای نوێ کاردەکەن، گەنجن و شارەزایەکی باشیان لە بواری ڕۆژنامەنووسی دیجیتاڵ میدیادا هەیە، بۆیە سامپڵی توێژینەوەکە لەوان پێکهاتووە، لەبەر ئەوەش، ئەو ڕۆژنامەنوسانەی، ساڵانی خزمەتیان کەمە، زۆرینەن.

**4-3- بڕوانامە:**

خشتەی (4) بروانامەی سامپڵی توێژینەوەکە

| ژ | بروانامە | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | بڕوانامە بنەڕەتی (1-9) | 1 | 1 |
| 2 | ئامادەیی | 1 | 1 |
| 3 | دبلۆم | 11 | 10 |
| 4 | بەکالۆریۆس | 60 | 55 |
| 5 | دبلۆمی باڵا | 1 | 1 |
| 6 | ماستەر | 28 | 25 |
| 7 | دکتۆرا | 8 | 7 |
| | کۆی گشتی | 110 | 100 |

خشتەی (4) خاوەن بڕوانامەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە، تیایدا دەردەکەوێت بە ڕێژەی (55%) ئەوانەن خاوەن بڕوانانەی (بەکالۆریۆس)ن، پلەی یەکەمیان وەردەگرتووە، هەروەها بە ڕێژەی (25%)ی سامپڵی توێژینەوەکە ئەوانەن هەڵگری بڕوانامەی (ماستەر)ن، لە پلەی دووەمدا دێن، بە ڕێژەی (10%) ئەوانەن هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم)ن، بە پلەی سێیەم دێن، هەروەها بە ڕێژەی (7%)ی سامپڵی توێژینەوەکە خاوەنی بڕوانامەی (دکتۆرا)ن، پلەی چوارەمی وەرگرتووە. هەرچی ڕێژەی (1%)ی سامپڵی توێژینەوەکە بڕوانامەی (بڕوانامە بنەڕەتی (1-9)، ئامادەیی و دبلۆمی باڵا)یان هەیە، پلەی چوارەم وەردەگرن.

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە، خاوەنی بڕوانامەی بەکالۆریۆسن، ئەمەش واتە: دەرچوانی زانکۆ توانای کارکردنی باشیان لە ناوەندەکانی میدیای نوێدا هەیە.

**5-3- ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ:**

خشتەی (5)ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێی سامپڵێ توێژینەوەکە

| ژ | ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | **بەردەوام** | 90 | 82 |
| 2 | **هەندێجار** | 20 | 18 |
| 3 | **بە دەگمەن** | 0 | 0 |
| | **کۆی گشتی** | 110 | 100 |
| | لادانی پێوەری | 0.387 | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | 2.82 | |

لە خشتەی (5) دا، ئاستی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێی سامپڵێ توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە، زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە (بەردەوام) پڵاتفۆرمەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن بە ڕێژەی (82%). ئەوانەی بەپلەی دووەم دێن (هەندێجار) پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن بەرێژەی (18%). بڕگەی (دەگمەن)یش هیچ نمرەیەکی وەرنەگرتووە. هەروەها وەك دەرکەوتووە، لادانی پێوەریی ئەنجامەکان(0.387)و ناوەندی ژمێرەییش (2.82) بووە.

بەرای توێژەر فاکتەری ڕێژەی زۆری سامپڵی توێژینەوەکە، بەبەردەوامی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن، چونکە هەموو لەو بەکارهێنەرانە ڕۆژنامەنووسی میدیای نوێن و لە دیجیتاڵ میدیای دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن.

**3-6- كاتژمێرەكانی بەكارهێنانی پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ لە ڕۆژێكدا:**

خشتەی (6) كاتژمێرەكانی بەكارهێنانی پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ

| ژ | كاتژمێرەكانی بەكارهێنانی پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | كەمتر لە ١ كاتژمێر | 7 | 6 |
| 2 | ١-٣ كاتژمێر | 48 | 44 |
| 3 | ٤-٦ كاتژمێر | 37 | 34 |
| 4 | ٧ كاتژمێر زیاتر | 18 | 16 |
| | كۆی گشتی | 110 | 100 |

لە خشتەی (6) دەردەكەوێت، بەریژەی (44%) سامپڵی توێژینەوەكە ڕۆژانە (١-٣ كاتژمێر) پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ بەكاردەهێنن و پلەی یەكەمی وەرگرتووە. بەڕێژەی (34%) سامپڵی توێژینەوەكە ڕۆژانە (٤-٦ كاتژمێر) پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ بەكاردەهێنن و لە پلەی دووەمدایە. هەروەها بەڕێژەی (16%) سامپڵی توێژینەوەكە ڕۆژانە (٧ كاتژمێر زیاتر) پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ بەكاردەهێنن و بە پلەی سێیەم دێت. كەمترین ڕێژەیش (6%) سامپڵی توێژینەوەكە ڕۆژانە (كەمتر لە ١ كاتژمێر) پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ بەكاردەهێنن. ئەو ڕێژانەی سەرەوە پێمان دەڵێن ئاستی بەكارهێنانی سامپڵی توێژینەوە بۆ پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ لە ئاستێكی زۆرباشدایە، وەك لە خشتەی ژمارە (6 )خراوەتەڕوو.

**3-7- بەكارهێنەری پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ**

خشتەی (7) هۆشیاریی و زانیاری لەسەر سیاسەتی پلاتفۆرمەكانی میدیای نوێ دەردەخات

| ژ | وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێژەیەكی زۆر | 13 | 12 |
| 2 | بەڕێژەیەكی مامناوەند | 64 | 58 |
| 3 | بەڕێژەیەكی كەم | 33 | 30 |
| | كۆی گشتی | 110 | 100 |
| | لادانی پێوەری | 0.623 | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | 2.18 | |

لە خشتەی (7)دا، هۆشیاریی و زانیاری لەسەر سیاسەتی پلاتفۆرمەكانی میدیای نوێ كە بەكاری دەبەن بۆ پاراستی مافی بەشداربووەكانیان لای بەكارهێنەران ڕووندەكاتەوە، دەردەكەوێت بەڕێژەی (58%) لە بەكارهێنەران (بەڕێژەیەكی مامناوەند) هۆشیاریی و زانیارییان لەسەر سیاسەتی پلاتفۆرمەكانی میدیای نوێ هەیە پلەی یەكەمی وەرگرتووە، لە بەرامبەردا بۆ وەڵامی (بەڕێژەیەكی كەم) بە ڕێژەی (30%) بە پلەی دووەم دێت، هەروەها ئەوانەی (بەڕێژەیەكی زۆر) هۆشیاریی و زانیارییان لەسەر سیاسەتی پلاتفۆرمەكانی میدیای نوێ هەیە بە ڕێژەی (12%) بە پلەی سێیەم دێت. هەروەها ڕوون بۆتەوە، لادانی پێوەریی ئەنجامەكان (.623) و ناوەندی ژمێرەییش (2.18) بووە.

كەواتە دەردەكەوێت، سامپڵی توێژینەوەكە هۆشیاریی و زانیارییان لەسەر سیاسەتی پلاتفۆرمەكانی میدیای نوێ بۆ پاراستی مافەكانیان مامناوەندە. بۆیە لەكاتی دروستبوونی كێشە، ناتوانن مافەكانیان وەربگرنەوە.

**3-8- زانیاری لەسەر ڕێكارە تەكنیكییەكانی پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ**

خشتەی (8) زانیاری لەسەر ڕێكارە تەكنیكییەكانی پلاتفۆڕمەكانی میدیای نوێ دەردەخات

| ژ | وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | بەڕێژەیەكی زۆر | 14 | 13 |
| 2 | بەڕێژەیەكی مامناوەند | 63 | 57 |
| 3 | بەڕێژەیەكی كەم | 33 | 30 |
| | كۆی گشتی | 110 | 100 |
| | لادانی پێوەری | 0.633 | |
| | ناوەندی ژمێرەیی | 2.17 | |

لەم خشتەدا، زانیاری لەسەر ڕێکارە تەکنیکییەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ لای سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات، دەردەکەوێت بە ڕێژەی (68%) بەکارهێنەران (بەرێژەیەکی مامناوەند) زانیارییان لەسەر ڕێکارە تەکنیکییەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ هەیە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، لە بەرامبەردا بۆ وەڵامی (بەرێژەیەکی کەم) بە ڕێژەی (30%) زانیارییان لەسەر ڕێکارە تەکنیکییەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ هەیە بە پلەی دووەم دێت، هەروەها ئەوانەی (بەرێژەیەکی زۆر) زانیاری لەسەر ڕێکارە تەکنیکییەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ هەیە بە ڕێژەی (13%) بە پلەی سێیەم دێت. هەروەها دەرکەوتووە، لادانی پێوەریی ئەنجامەکان (0.633) و ناوەندی ژمێرەییش (2.17) بووە.

دەتوانین بڵێین بەکارهێنەرانی میدیای نوێ زانیاری و شارەزایایەکی ئەوتۆیان نییە، کاتی دروستبوونی کێشە لە پلاتفۆڕمەکانیاندا، ئەمەش پرسیارێکی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خراومانەتەڕوو، بۆیە بەکارهێنەران زیاتر پێویستییان بە زانیاریی هەیە بۆ نەهێشتنی ئەو ئالۆزی و کێشانەی کەلە ئەنجامی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی میدیا نوێ ئاستەنگییان بۆ دروست دەبێت. بۆیە زۆربەشیان توشی کێشە دەبن و ناتوانن مافەکانیان وەربگرنەوە.

### 3-9- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە پەیوەندیدارەکان:

خشتەی (9) کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە پەیوەندیدارەکان بەرچاوڕوونیان داوە بە بەشداربووانی پلاتفۆڕمەکان

| ژ | وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 6 | 5 |
| 2 | هەندێجار | 60 | 55 |
| 3 | بە دەگمەن | 44 | 40 |
| کۆی گشتی | | 110 | 100 |
| لادانی پێوەری | | 0.582 | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | 1.65 | |

لە خشتەی (9) بە گشتی ئەمە ڕووندەکاتەوە تا چەند کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە پەیوەندیدارەکان بەرچاوڕوونیان بە بەشداربووانی پلاتفۆرمەکان داوە، لەکاتی پێشلی مافیان سوود لەو سیاسەتانە وەربگرن؟ بۆ وەرگرتنی سوود لەو سیاسەتانە لای سامپڵی توێژینەوەکە، دەردەکەوێت ئەوانەی (هەندێجار) بە ڕێژەی (55%) سوودیان لە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ وەرگرتووە لە پلەی یەکەمدایە، هەروەها ئەوانەی (بە دەگمەن) سوودیان لە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ وەرگرتووە بە ڕێژەی (40%) پلەی دووەمی وەرگرتووە، هەرچی ئەوانەی (بەردەوام) سوودیان لێ بینیوە بە ڕێژەی (5%) بە پلەی سێیەم دێت. بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەریی ڕێژەی (0.582)بووە و ناوەندی ژمێرەییش (1.65).

کەواتە لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە پەیوەندیدارەکان کەمتەرخەمییان نواندووە و بەرچاوڕوونیان بە بەشداربووانی پلاتفۆرمەکان نەداوە، لەکاتی پێشێلکردنی مافیان سوود لەو سیاسەتانە وەربگرن، کە پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ خستویانەتەڕوو، تاوەکو بەکارهێنەر لە کاتی دورستبوونی کێشە بتوانێت خۆی بپارێزێت، یان مافەکانی خۆی وەربگرێت.

### 3-10- سیاسەتی پلاتفۆڕمەکان

خشتەی (10) کارایی سیاسەتی پلاتفۆرمەکان لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی

| ژ | وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | بەردەوام | 5 | 5 |
| 2 | هەندێجار | 70 | 64 |
| 3 | بە دەگمەن | 35 | 32 |
| کۆی گشتی | | 110 | 100 |
| لادانی پێوەری | | 0.540 | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | 1.73 | |

لەم خشتەدا، تا ڕادەی کارای سیاسەتی پلاتفۆرمەکان سەرکەوتووبوونە لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی ڕوانگەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە. دەردەکەوێت ئەوانەی (هەندێجار) بە ڕێژەی (64%) سیاسەتی پلاتفۆرمەکان سەرکەوتووبوونە

لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە پلەی یەکەمدایە، هەروەها ئەوانەی (بەدەگمەن) دەنگیانداوە بەوەی کە سیاسەتی پلاتفۆرمەکان سەرکەوتووبوونە لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بە ڕێژەی (32%) پلەی دووەمی وەرگرتووە، هەرچی ئەوانەی (بەردەوام) پێیانوابووە کەوا سیاسەتی پلاتفۆرمەکان سەرکەوتووبوونە لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بە ڕێژەی (5%) بە پلەی سێیەم دێت. هەروەها ئەوەش ڕوون بووتەوە کە لادانی پێوەریی (0.540) بووە و ناوەندی ژمێرەیی (1.73).

لێرەدا دەردەکەوێت، پلاتفۆرمەکان نەیانتوانیوە وەك پێویست لە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانیان سەرکەوتووبن لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، بەڵکو زۆرینەی بەکارهێنەران (هەندێجار) ئەوە دەردەخەن، کە سیاسەتی پلاتفۆرمەکان سەرکەوتوونین لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، ئەمەش لە ئاست پێویستی بەکارهێنەراندا نییە.

**3-11- پلاتفۆڕمەکان:**

خشتەی (11) سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ کە هاندەر بووە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی

| ژ | پلاتفۆڕمەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | فەیسبووك | 17 | 14 |
| 2 | تویتەر | 5 | 4 |
| 3 | تیکتۆك | 14 | 12 |
| 4 | ماسنجەر | 14 | 12 |
| 5 | تیلیگرام | 20 | 17 |
| 6 | ڤایبەر | 21 | 18 |
| 7 | وەتس ئەپ | 12 | 10 |
| 8 | هەموویان | 1 | 1 |
| 9 | هیچیان | 11 | 9 |
| 10 | نازانم | 4 | 3 |
| کۆی گشتی | | 119 | 100 |

لە خشتەی (11) سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ، کە هاندەر بووە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی ڕوون دەکاتەوە، سامپڵی توێژینەوەکە پێیانوایە سیاسەتی پلاتفۆڕمی (ڤایبەر) هاندەر بووە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی بەرێژەی (18%) پلەی یەکەمی وەرگرتووە. هەروەها سیاسەتی پلاتفۆڕمی (تیلیگرام) بەرێژەی (17%) هاندەر بووە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی لە پلەی دووەمدایە. هەرچی سیاسەتی پلاتفۆڕمی (فەیسبووك) بەرێژەی (14%) هاندەر بووە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی لە پلەی سێیەمدایە. هەردوو پلاتفۆڕمی (تیکتۆك و ماسنجەر) بەرێژەی (12%) سامپڵی توێژینەوەکە پییانوایە سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوی هاندەربوون بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی لە پلەی چوارەم دێن. بەرێژەی (10%) پلاتفۆڕمی (وەتس ئەپ) لای سامپڵی توێژینەوەکە پییانوایە سیاسەتی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوی هاندەربوون بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی لە پلەی پێنجەمدایە. ئەوانەی دەنگیان بە (هیچیان)داوە بەرێژەی (9%) پلەی شەشەمی وەرگرتووە. بەرێژەی (4%) پلاتفۆڕمی (تویتەر)بە پلەی حەوتەم دیت، ئەوانەی دەنگیان بە (نازانم)یان داوە بەرێژەی (3%) بە پلەی هەشتە دێت، ئەوانەی کەمترین ڕێژەیان هێناوە (هەموویان)ە، کە بەرێژەی (1%) بە کۆتا پلە دێت.

**3-12- متمانەت بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکان:**

خشتەی (12) متمانەت بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی

| ژ | وەڵام | دووبارە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|---|
| 1 | **بەردەوام** | 9 | 8 |
| 2 | **هەندێجار** | 73 | 66 |
| 3 | **بە دەگمەن** | 28 | 26 |
| **کۆی گشتی** | | 110 | 100 |
| لادانی پێوەری | | 0.556 | |
| ناوەندی ژمێرەیی | | 1.83 | |

لەم خشتەدا، متمانە بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لای سامپڵی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە. دەردەکەوێت ئەوانەی (هەندێجار) بە ڕێژەی (66%) متمانەیان بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ

هەیە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە پلەی یەکەمدایە، هەروەها ئەوانەی (بەدەگمەن) دەنگیان داوە بەوەی، کە متمانەیان بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ هەیە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بە ڕێژەی (26%) پلەی دووەمی وەرگرتووە، هەرچی ئەوانەی (بەردەوام) پێیانوابووە کەوا متمانەیان بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ هەیە بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بە ڕێژەی (8%) بە پلەی سێیەم دێت. هەروەها بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەریی (0.556)تۆمارکردووە و ناوەندی ژمێرەییش (1.83).

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە، بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ، بە ڕێژەیەکی مامناوەند متمانەیان بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ هەیە، بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی، توێژەر ڕای وایە کە پلاتفۆرمەکان وەک پێویست نەیانتوانیوە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت، بە تایبەتی لە هاککردن و تەشهیرکردن.

**13-3- ڕێنمایی و ڕێکارەکان:**

خشتەی (13) ئەو ڕێنمایی و ڕێکارەکانەی، کە پێویستە ڕۆژنامەنووسانی میدیای نوێ بیانگرنە بۆ وەرگرتنی مافەکانیان

| ژ | برگەکان | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | لادانی | ناوەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | پێوەری | ژمێرەیی |
| 1 | پەیوەندی بە پلاتفۆڕمەکەوە بکرێت و ئاگادار بکرێتەوە | 86 | 78 | 14 | 13 | 10 | 9 | 0.632 | 2.69 |
| 2 | کەسەکە بلۆك بکرێت | 82 | 75 | 11 | 10 | 17 | 16 | 0.746 | 2.59 |
| 3 | لە هەمان پلاتفۆڕم و بە هەمان شێوە وەڵام بدرێتەوە | 34 | 31 | 26 | 24 | 50 | 45 | 0.866 | 1.85 |
| 4 | ڕیپۆرتی ئەو لایەنەدەکەم ڤیدیۆی بابەتەکانم بەبێ مۆڵەت وەرگرتن بەکاردەهێنێت | 70 | 64 | 24 | 22 | 16 | 14 | 0.739 | 2.49 |
| 5 | ئەگەر بابەتە ڕۆژنامەوانیەکانم بە ناوی کەسێکی دیکەوە بڵاو بکرێتەوە ئەوا سکالای یاسایی لەسەر تۆمار دەکەم | 78 | 71 | 18 | 16 | 14 | 13 | 0.709 | 2.58 |
| 6 | ئەگەر هەواڵێکی ناڕاست بەناوی منەوە بڵاوکرایەوە هەوڵدەدەم لایەنی ئەمنی ئاگادار بکەمەوە | 94 | 86 | 9 | 8 | 7 | 6 | 0.543 | 2.79 |
| 7 | لەکاتی هاککردنی (پەیج یان پرۆفایل) ئەوا ئاگاداری پێگەی سەرەکی پلاتفۆڕمەکە دەکەمەوە لە ڕێگەی ئیمێلەوە | 88 | 80 | 15 | 14 | 7 | 6 | 0.570 | 2.74 |
| 8 | لەکاتی هەوڵدان بۆ ڕیپۆرتکردنم لە ڕێگەی هاوڕێیانەوە هەوڵدەدەم پارێزگاری لە ئەکاونتەکەم لەپلاتفۆڕمەکەدا بکەم | 87 | 79 | 18 | 16 | 5 | 5 | 0.532 | 2.75 |
| 9 | هەوڵدەدەم زانیاری لەسەر ڕێنماییانەکان پەیدابکەم تایبەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی مافەکانم لەکاتی پێشێلکردنی | 91 | 83 | 14 | 13 | 5 | 5 | 0.514 | 2.78 |
| 10 | هەوڵمنەداوە زانیاری لەسەر ئەو ڕێنماییانە وەربگرم کە ماڵپەڕەکان خستویانەتەروو لە پێشێلکردنی هەر مافێکم لە پلاتفۆڕمەکاندا | 35 | 32 | 38 | 35 | 37 | 34 | 0.813 | 1.98 |

لە خشتەی (13)دا، ڕێنمایی و ڕێکارەکان، کە پێویستە بەکارهێنەری میدیای نوێ بیانگرنە بەر لەکاتێکدا مافیان لەلایەن بەکارهێنەرێکی دیکەوە پێشێل دەکرێت ڕوون دەکاتەوە، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان کە پێویستە بەکارهێنەری میدیای نوێ بیگرێتەبەر (ئەگەر هەواڵێکی ناڕاست بەناوی منەوە بڵاوکرایەوە هەوڵدەدەم لایەنی ئەمنی ئاگادار بکەمەوە) بەرێژەی (86%)، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.543)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (2.79) بووە، هەروەها ڕێنمایی و ڕێکاری (هەوڵدەدەم زانیاری لەسەر ڕێنماییانەکان پەیدابکەم تایبەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی مافەکانم لەکاتی پێشێلکردنی) بەرێژەی (83%) لە پلەی دووەم دێت، ئەوەش ڕوون بووتەوە، کە لادانی پێوەری (0.813)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (1.98) بووە، ڕێنمایی و ڕێکاری (لەکاتی هاککردنی (پەیج یان پرۆفایل) ئەوا ئاگاداری پێگەی سەرەکی پلاتفۆڕمەکە دەکەمەوە لە ڕێگەی ئیمێلەوە) بە ڕێژەی (80%) پلەی سێیەمی هێناوە، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.570)بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (2.74) بووە، ڕێنمایی و ڕێکاری (لە هەمان پلاتفۆڕم و بە هەمان شێوە وەڵام بدرێتەوە) کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (31%). هەروەك ئەوە ڕوون بووتەوە کە لادانی پێوەری (0.866)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (1.85) بووە

لە هەڵسەنگاندنی (بێلایەنم)دا ڕێنمایی و ڕێکاری (هەوڵمنەداوە زانیاری لەسەر ئەو ڕێنماییانە وەربگرم، کە ماڵپەرەکان خستویانەتەروو لە پێشێلکردنی هەر مافێکم لە پلاتفۆڕمەکاندا) بەرێژەی (35%) پلەی یەکەمی هێناوە، لادانی پێوەری بریتییە لە (0.813) و ناوەندی ژمێرەیی (1.98)، لە ڕێنمایی و ڕێکاری (لە هەمان پلاتفۆڕم و بە هەمان شێوە وەڵام بدرێتەوە) بە ڕێژەی(24%) لە پلەی دووەمدایە بە لادانی پێوەری (0.866) و ناوەندی ژمێرەیی (1.85). ڕێنمایی (ڕیپۆرتی ئەو لایەنەدەکەم ڤیدیۆی بابەتەکانم بەبێ مۆڵەت وەرگرتن بەکاردەهێنێت) بەرێژەی (22%)لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەری (0.739) و ناوەندی ژمێرەیی (2.49)، کەچی ڕێنمایی و ڕێکاری (ئەگەر هەواڵێکی ناڕاست بەناوی منەوە بڵاوکرایەوە هەوڵدەدەم لایەنی ئەمنی ئاگادار بکەمەوە) کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (8%). بە لادانی پێوەری (0.543) و ناوەندی ژمێرەیی (2.79).

لە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵدانیم)، سامپڵی توێژینەوە لە ڕێنمایی و ڕێکاری (لە هەمان پلاتفۆڕم و بە هەمان شێوە وەڵام بدرێتەوە) بەرێژەی (45%) زۆرترین ڕێژەیان هێناوە و لە پلەی یەکەمدایە بە لادانی پێوەری (0.866) و ناوەندی ژمێرەیی (1.85)، هەروەها لە ڕێنمایی و ڕێکاری (هەوڵمنەداوە زانیاری لەسەر ئەو ڕێنماییانە وەربگرم کە ماڵپەرەکان خستویانەتەروو لە پێشێلکردنی هەر مافێکم لە پلاتفۆڕمەکاندا) بەرێژەی (34%) لە پلەی دووەمدایە بە لادانی پێوەری (0.732) و ناوەندی ژمێرەیی (1.46)، لە ڕێنمایی و ڕێکاری (کەسەکە بلۆك بکرێت) بەرێژەی (16%) لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەری (0.746) و ناوەندی ژمێرەیی (2.59)، بەڵام هەردوو ڕێنمایی و ڕێکاری (لەکاتی هەوڵدان بۆ ڕیپۆرتکردنم لە ڕێگەی هاوڕێیانەوە هەوڵدەدەم پارێزگاری لە ئەکاونتەکەم لەپلاتفۆڕمەکەدا بکەم) و(هەوڵدەدەم زانیاری لەسەر ڕێنماییانەکان پەیدابکەم تایبەت بە چۆنیەتی وەرگرتنی مافەکانم لەکاتی پێشێلکردنی) بەرێژەی (5%) کەمترین ڕێژەیان وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.532) (0.514)و ناوەندی ژمێرەیی (2.78)(2.75).

بەپێی ئەم ئەنجامانە بەکارهێنەران بە ڕێژەیەکی ئاست بەرزەوە لەگەڵ ئەوەدان، کە پێویستە ڕێنمایی و ڕێکارەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ بگرنەبەر بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان. بەڵام بەشێوەیەکی کرداری بەکارهێنەران نەیانتوانیوە لە ئاستێکی باش ڕێکارەکان بگرنەبەر، بۆ وەرگرتنی مافەکانیان لە کاتی پیشێڵکردنی.

**3-14- مامەڵەی بەکارهێنەران لەگەڵ خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکاندا.**

خشتەی (14) مامەڵەی بەکارهێنەران لەگەڵ خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکاندا

| ژ | برگەکان | لەگەڵیدام | | بێلایەنم | | لەگەڵیدانیم | | لادانی پێوەری | ناوەندی ژمێرەیی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | |
| 1 | پلاتفۆڕمەکە ئاگادار دەکەمەوە لە بارەی ئەو لایەنەی کە ڤیدیۆی بابەتەکانم بەبێ مۆڵەت وەرگرتن بەکاردەهێنێت | 84 | 76 | 17 | 15 | 9 | 8 | 0.620 | 2.68 |
| 2 | هەولی چوونە ناو پرۆفایلەکەم بدرێت ئەوا پاسۆردەکەم دەگۆڕم و بەهێزی دەکەم | 95 | 86 | 7 | 6 | 8 | 7 | 0.560 | 2.79 |
| 3 | ئەگەر ئەژمارەکەم هاك بکرێت، لەدوای وەرگرتنەوە ئەژمارەکەم | 45 | 41 | 24 | 22 | 42 | 37 | 0.888 | 2.04 |

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دادەخەم | | | | | | | | |
| 4 | بابەت و وێنەو ڤیدیۆی ی نەشیاوم بۆ هات، ئەوا لایەنی بەرانبەر بلۆك دەکەم | 85 | 77 | 17 | 16 | 8 | 7 | 0.599 | 2.70 |
| 5 | لە کاتی دروستکردنی ئەژماری سۆشیاڵ میدیا بە ناوی منەوە، ڕاستەوخۆ هاوڕێیانم ئاگادار دەکەمەوەو، ڕێکاری یاسایی دژی دەگرمەبەر. | 90 | 82 | 18 | 16 | 2 | 2 | 0.445 | 2.80 |
| 6 | پەیوەندی لە ڕێگەی سۆسیاڵ میدیاوە لەگەڵ کەسانی گومانلیکراودا دروست ناکەم | 92 | 84 | 10 | 9 | 8 | 7 | 0.574 | 2.76 |
| 7 | لە ڕێگەی کەسانی شارەزاوە پارێزگاری لە ئەژمارەکەم دەکەم | 95 | 86 | 12 | 11 | 3 | 3 | 0.440 | 2.84 |
| 8 | تا کەسێك نەناسم لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکانەوە هاوڕێیەتی لەگەڵدا دروست ناکەم | 73 | 66 | 22 | 20 | 15 | 14 | 0.726 | 2.53 |
| 9 | ئەو هاوڕێیانەم بلۆك دەکەم کە ببینم و بزانم خەڵك هەراسان دەکەن | 69 | 63 | 27 | 25 | 14 | 13 | 0.714 | 2.50 |
| 10 | ئەو هاوڕێیانەم بلۆك دەکەم کە ببینم و بزانم کاریگەری نەرێنیان لەسەر کەسایەتیم هەیە | 80 | 73 | 20 | 18 | 10 | 9 | 0.646 | 2.64 |
| 11 | وەك ڕەچاوی سیاسەتی پلاتفۆڕمەکان کەسانی ڕەگەزپەرست و، توندهاژو بە هاوڕێ وەرناگرم | 84 | 76 | 18 | 16 | 8 | 7 | 0.602 | 2.69 |
| 12 | لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکانەوە ئەگەر زمانی زبر بەرانبەرم بەکارهێنرا، من بە نەرمی وەڵام ئەدەمەوە | 63 | 57 | 25 | 23 | 22 | 20 | 0.800 | 2.37 |
| 13 | ریپۆرت دەدەم لەو ئەکاونتانەی کە پۆستی نەشیاو بڵاو دەکەنەوە | 78 | 71 | 20 | 18 | 12 | 11 | 0.680 | 2.60 |

لە خشتەی (14)دا، مامەڵەی بەکارهێنەران لەگەڵ خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکاندا ڕوون دەکاتەوە، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە بەپلەی یەکەم لەگەڵ ئەوەدان بەکارهێنەر بەم شێوەیە مامەڵە بکات لە کاتێ (هەولی چوونە ناو پرۆفایلەکەم بدرێت ئەوا پاسۆردەکەم دەگۆڕم و بەهێزی دەکەم) و(لە ڕێگەی کەسانی شارەزاوە پارێزگاری لە ئەژمارەکەم دەکەم)بەرێژەی (86%)، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.560)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (2.79) بووە، هەروەها برگەی (پەیوەندی لە ڕێگەی سۆسیاڵ میدیاوە لەگەڵ کەسانی گومانلیکراودا دروست ناکەم) بەرێژەی (84%) لە پلەی دووەم دێت، ئەوەش ڕوون بووتەوە کە لادانی پێوەری (0.574)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (2.76) بووە، برگەی (لە کاتی دروستکردنی ئەژماری سۆشیاڵ میدیا بە ناوی منەوە، ڕاستەوخۆ هاوڕێیانم ئاگادار دەکەمەوەو، ڕێکاری یاسایی دژی دەگرمەبەر) بە ڕێژەی (82%) پلەی سێیەمی هێناوە، بەپێی ئەنجامەکان لادانی پێوەری (0.445)بووە و هەروەها ناوەندی ژمێرەیی (2.80) بووە، برگەی (ئەگەر ئەژمارەکەم هاك بکرێت، ئەژمارەکەم دادەخەم) کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (41%). هەروەك ئەوە ڕوون بووتەوە کە لادانی پێوەری (0.888)بووە و ناوەندی ژمێرەیی (2.04) بووە

لە هەڵسەنگاندنی (بێلایەنم)دا لە برگەی (ئەو هاوڕێیانەم بلۆك دەکەم کە ببینم و بزانم خەڵك هەراسان دەکەن) بەڕێژەی (25%) پلەی یەکەمی هێناوە، لادانی پێوەری بریتییە لە (0.714) و ناوەندی ژمێرەیی (2.50)، لە برگەی (لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکانەوە ئەگەر زمانی زبر بەرانبەرم بەکارهێنرا، من بە نەرمی وەڵام ئەدەمەوە) بە ڕێژەی(23%) لە پلەی دووەمدایە بە لادانی پێوەری (0.800) و ناوەندی ژمێرەیی (2.37)، برگەی (ئەگەر ئەژمارەکەم هاك بکرێت، ئەژمارەکەم دادەخەم) بەرێژەی (22%)لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەری (0.888) و ناوەندی ژمێرەیی (2.04)، کەچی برگەی (هەولی چوونە ناو پرۆفایلەکەم

بدرێت ئەوا پاسۆردەکەم دەگۆڕم و بەهێزی دەکەم) کەمترین پلەی هێناوە بە ڕێژەی (6%). بە لادانی پێوەری (0.560) و ناوەندی ژمێرەیی (2.79).

لە هەڵسەنگاندنی (لەگەڵدانیم)، سامپڵی توێژینەوە لە ڕێنمایی و ڕێکاری (ئەگەر ئەژمارەکەم هاك بکرێت، ئەژمارەکەم دادەخەم) بەرێژەی (37%) زۆرترین ڕێژەیان هێناوە و لە پلەی یەکەمدایە بە لادانی پێوەری (0.888) و ناوەندی ژمێرەیی (2.04)، هەروەها لە ڕێنمایی و ڕێکاری (لە ڕێگەی پلاتفۆڕمەکانەوە ئەگەر زمانی زبر بەرانبەرم بەکارهێنرا، من بە نەرمی وەڵام ئەدەمەوە) بەرێژەی (20%) لە پلەی دووەمدایە بە لادانی پێوەری (0.800) و ناوەندی ژمێرەیی (2.37)، لە برگەی (تا کەسێك نەناسم لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانەوە هاوڕێیەتی لەگەڵدا دروست ناکەم) بەرێژەی (14%) لە پلەی سێیەمدایە، بە لادانی پێوەری (0.726) و ناوەندی ژمێرەیی (2.53)، بەڵام برگەی (لە کاتی دروستکردنی ئەژماری سۆشیاڵ میدیا بە ناوی منەوە، ڕاستەوخۆ هاوڕێیانم ئاگادار دەکەمەوەو، ڕێکاری یاسایی دژی دەگرمەبەر.) بەرێژەی (2%) کەمترین ڕێژەی وەرگرتووە، بە لادانی پێوەری (0.445) و ناوەندی ژمێرەیی (2.80).

بەپێی ئەم ئەنجامانە بەکارهێنەران بە ڕێژەیەکی ئاست بەرز لەگەڵ خراپ بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکاندا نین.

**4- دەرئەنجامەکان**

گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پێگەیشتووە:

1- دەرئەنجامەکانی ئەم تویژینەوەیە دەریخستووە، کە زۆربەی سامپڵی توێژینەوەکە، بەبەردەوامی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ بەکاردەهێنن، چونکە زۆرێك لەو بەکارهێنەرانە ڕۆژنامەنووسی میدیای نوێن و لە دیجیتاڵ میدیای دەزگاکانی ڕاگەیاندن کاردەکەن، لە هەر شەو و ڕۆژیکدا لە سێ کاتژمێر زیاترە. ئەم پسپۆرییە ڕۆڵێکی ئەرێنی دەبێت لە چۆنیەتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکاندا.

2- بەکارهێنەرانی میدیای نوێ، لە کاتی دروستبوونی کێشە لە پلاتفۆڕمەکانیاندا، زانیاری و شارەزاییەکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە بەکارهێنەران بۆ نەهێشتنی ئەو ئالۆزی و کێشانەی کەلە ئەنجامی بەکارهێنانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ دروست دەبێت پێویستییان بە زانیاریی زیاتر هەیە. لەبەر ئەمە زۆربەیان ڕووبەڕووی کێشە دەبن و ناتوانن مافەکانیان وەربگرنەوە.

3- کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ناوەندە پەیوەندیدارەکان کەمتەرخەمییان نواندووە و بەرچاوڕوونیان بە بەشداربووانی پلاتفۆرمەکان نەداوە، لەکاتی پێشلیکردنی مافیان سوود لەو سیاسەتانە وەربگرن، کە پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ خستویانەتەڕوو، تاوەکو بەکارهێنەر لە کاتی دورستبوونی کێشە بتوانێت خۆی بپارێزێت، یان مافەکانی خۆی وەربگرێت.

4-پلاتفۆرمەکان نەیانتوانیوە وەك پێویست لە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانیان لە گرتنەبەری بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لە ڕوانگەی بەکارهێنەراندا سەرکەوتووبن.

5- دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە، کە سیاسەتی پلاتفۆڕمی (ڤایبەر) لە هاندەریدا، بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی پیشەیی زیاتر پابەندبووە، بەمە، واتە لە هەموو ئەوانەی تر بەرپرسیارتر بووە.

6- بەکارهێنەرانی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ، بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتی ئەخلاقی بە ڕێژەیەکی مامناوەند متمانەیان بە سیاسەتی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ هەیە، لەبەر ئەوەی پلاتفۆرمەکان وەک پێویست نەیانتوانیوە کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکرێت، بە تایبەتی لە هاککردن و ناوزڕاندن.

7- بەکارهێنەران بە ڕێژەیەکی ئاست بەرزەوە لەگەڵ ئەوەدان، کە پێویستە ڕێنمایی و ڕێکارەکانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ بگرنەبەر بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانیان. بەڵام بەشێوەیەکی کرداری بەکارهێنەران نەیانتوانیوە لە ئاستێکی باش ڕێکارەکان بگرنەبەر، بۆ وەرگرتنی مافەکانیان لە کاتی پیشێلکردنی.

8- ڕۆژنامەنووسانی میدیای نوێ، پابەندن بە پلاتفۆرمەکان، کە نابێ مامەڵەی خراپ لە پلاتفۆرمەکاندا بەکاربهێندرێت، بۆیە زۆرینەیان لەگەڵ ئەوەدان هەر کاتێ بەکارهێنەرێک هەولبدا ڤیدیۆی کەسێک بێ مۆڵەت بڵاو بکاتەوە، یان خەڵك هەراسان بکات، یان بابەتی ڕەگەزپەرستی و توندتیژی بڵاوبکاتەوە، یان ئەکاونتی ساختە بە ناوی کەسانی دیکە دروستبکات، ڕیکاری یاسایی بەرانبەر بگیرێتەبەر، بۆ ئەوەی لە هەر هێرشێکی دیجیتاڵی، کە دەکرێتە سەریان، بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن.

### 5- ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

1- هەوڵبدرێت توێژینەوەی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدرێت، کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە دەکرێ قوتابیانی زانکۆ، یان هاوڵاتیانی ئاسایی بن، بۆ ئەوەی توێژینەوەکان کاتێك بەراورد دەکرێن بگەنە دەرئەنجامی جیاوازتر.

2- پێویستە میدیای کوردی و ناوەندەکانی پەیوەندیدار گرنگی بە هۆشیاری و ڕێکار و ڕێنوێنی بدەن جا چ بە بەرنامە، یان کردنەوەی خوڵ بۆ ئەم مەبەستە بکرێنەوە بۆ ئەوەی بەکارهێنەران سوودی لێوەربگرن، کە لە کاتی بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێ کێشە و ئاستەنگیان بۆ دروست دەبێت، بتوانن خۆیان بپارێزن و مافەکانیان وەربگرنەوە.

3- بەکارهێنەرانی پلاتفۆڕمەکانی میدیای نوێ گرنگیی زیاتر بە ڕێکار و ڕێنوێنی پلاتفۆرمەکان بدەن.

4 -بایەخ زیاتر بدرێت بە پێویستبوونی ئەنجامدانی مەشق و ڕاهێنان بەو کەسانەی، کە لە بواری میدیای نوێ کاردەکەن.

5- پێویستە دەستوورەکانی شەرەفی میدیایی کارا بکرێن و یاسایەك دەربکرێت بۆ کۆنترۆڵکردنی شێوازە جیا جیاکانی میدیا نوێ.

### 6- لیستی سەرچاوەکان


**کتێب بە زمانی کوردی:**

١- ئیروانی، فریاد (2020). تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان و ئەتەکیتی بەکارهینانیان. سوران- هەولێر: چاپخانەی مێخەک.

٢- حەمەسەعید، نەزاکەت حسێن. (٢٠١٩). کێشەکانی میدیا لە هەرێم..ئاسەوار..ڕێگە چارە. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

٣- هێرش، کاروان، رەسوڵ، عەلی. (٢٠١٩). راگەیاندنی نیشتمانیی بایەخی بۆ هەرێمی کوردستان و ئاستەنگەکانی بەردەم دامەزراندنی. سلێمانی: چاپخانەی حەمدی.

**کتێب بە زمانی عەرەبی**:

1- حسن، محمود, ع. م .(2009) .تكنولوجيا المعلومات والاتصال .القاهرة: دار التعليم المفتوح.

2- شفيق، حسنين. ( 2010). الإعلام التفاعلي . القاهيرة: دار فكر وفن.

3- الدليمي، اياد هلال حمادي. (2021). الشبكات الاذاعية والتلفزيونية وشبكات التواصل الاجتماعي وظيفة اخبارية ام ترف اعلامي؟ عمان: دار غيداء للنشر والتوزيع.

4- عقيله، عبدالمحسن حامد احمد. (2015). الاعلام الجديد وعصر التدفق الاخباري. المنصورة: المكتبة العصرية للنشر والتوزيع.

5- الدعمي، غالب كاظم جياد. (2017). الاعلام الجديد، اعتمادية متصاعدة- ووسائل متجددة. عمان: دار امجد للنشر واتوزيع.

6- الشميمري، فهد عبدالرحمن. (2010). لتربية الاعلامية- كيف نتعامل مع الاعلام. الرياض: دار إقرأ الإعلامية.

7- التميمي، مهند حميد. (2017). التلفزيون وشبكات التواصل الاجتماعي- تكامل ام صراع. عمان: دار امجد للنشر والتوزيع.

**گۆڤاری زانستی بە زمانی عەرەبی:**

1- تنيو، فاطمة الزهراء. (2019). المسؤولية الأخلاقية للممارسة الإعلامية في ظل الإعلام الجديد: بين التضليل وتنوير الرأي العام. المجلة الجزائرية لبحوث الإعلام والرأي العام, المجلد (02) - العدد (02 ) –ديسمبر.

2- شهرزاد، رملي. (2020). الاعلام الجديد ورقمنة الحملات الانتخابية. مجلة افاق للعلوم، المجلد05/ العدد:02.

3- د. يوسف بلعباس. (2022). الميديا الجديدة بين تفاعلات الشباب ومنگق التاثير سؤال البيئة الرقمية وتجلياتها الثقافية في حياة الشباب. مجلة بحوث و دراسات في الميديا الجديدة، المجلد3، العدد:1.

**وێبسایتەکان:**

1- خشي، نبيل، السياسة الإعلامية: المفهوم والأسس والمبادئ العامة.(12-12- ديسمبر) موقع: العمق المغربي، https://al3omk.com/706513.html

**نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:**

1- الخريشة، سلطانة جدعان نايف. (2016). أخلاقيات استخدام شبكات التواصل الإجتماعي- من وجهة نظر مدرسي الإعلام والقانون في الجامعات الأردنية . عمان: (رساله ماجستير غير منشوره)، كليةالإعلام- جامعة الشرق الاوسط .

2- بوقلــوف، سهام. (2018). إستخدام مواقع التواصل الاجتماعي وأثرها على القيم الأخلاقية والإجتماعية-دراسة مسحية لعينة من المراهقين الجزائريين المستخدمين لموقع الفايس بوك. الجـزائـر: (اطروحة دكتۆرة غير منشورة)، جـامـعـة الجـزائـر3 ،كـليـة عــلـوم الإعـلام و الاتصـال، قسم علوم الاتصال.

3- موكس، نعيمة. (2014). تأثير شبكات التواصل الاجتماعي على الفضائيات العربية "القنوات الخاصة الجزائرية نموذجا". الجزائر: رساله ماجستێر غير منشوره، جامعة الجزائر3، كليــة العلــوم السياسيـــة والاعلام، قسم الاعلام والاتصال.

4- مصطفى، بن طيفور. (2017). اثر استخدام مواقع التواصل الاجتماعي على الهوية الثقافية للشباب الجامعي- دراسة ميدانية على عينة من مستخدمي الفيس بوك بجامعتي مساغانم ووهران-2-. مستغانم: اطروحة دكتورا غير منشورة، جامعة عبدالحميد بن باديس-مستغانم، كلية اعلوم الاجتماعية، قسم العلوم الانسانية.

**بەزمانی ئینگلیزی:**

1- Bayer, J. (2019). Between Anarchy and Censorship Public discourse and the duties of social media. *Central Europe Pipeline System*.

2- danah, Nicole, m. b. (2007). Social Network Sites: Definition, History. *Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1)*, 210.

3- Martin ,Lister, J. D. (2009). *New Media: A Critical Introduction.* London: Routledge, 2nd ed.

4- Yujie, Yasin, Bin Shekh Alsagoff, Hoon, Z. A. (2022). The Mediating Role of New Media Engagement in This Digital Age. *Frontiers in Public Health, volume 10*.

**تێبینی: مەبەستی توێژەر لە بەکارهێنانی زاراوەی بەکارهێنەران، هەموو ئەو رۆژنامەنووسانەن، کە لە پلاتفۆرمەکانی میدیای نوێی دەزگاکانی راگەیاندن کاردەکەن.**

## سياسة المنصات الإعلامية الجديدة ودورها في خلق المسؤولية الأخلاقية المهنية في إقليم كوردستان / دراسة ميدانية

**ازاد عبدالعزيز محمد**
كلية الآداب / قسم الإعلام، جامعة صلاح الدين- أربيل

**الملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى تحديد المقاييس والإرشادات التي تقدمها المنصات الإعلامية الجديدة لمستخدميها عندما يواجهون مشاكل، يحاول الباحث أن يبرز مدى معرفة الصحفيين الكورد بسياسات المنصات الإعلامية الجديدة ومدى التزامهم بالمسؤولية الأخلاقية المهنية.

الهدف الرئيسي من هذه الدراسة هو تقديم المبادئ التوجيهية لمنصات وسائل الإعلام الجديدة فيما يتعلق بالمسؤولية الأخلاقية، والكشف عن مستوى وعي ومعرفة الأفراد في إقليم كوردستان بالإجراءات التي تتخذها المنصات الإعلامية الجديدة عند اتباع السلوك غير المهني لمستخدمي الشبكات الاجتماعية.

تعتبر هذه الدراسة نوع من انواع الدراسات الوصفية استخدمت الدراسة منهج المسح باعتباره من أنسب المناهج للدراسات الإعلامية، والأداة الرئيسة لجمع البيانات والمعلومات هي استمارة الاستبيان، ويتكون مجتمع البحث من جميع صحفيي المحافظات الأربعة لإقليم كوردستان. وتم اختيار عينة عشوائية قصدية قوامها (110) صحفيين ممن يعملون في الإعلام الجديد .

**الكلمات المفتاحية:** السياسة الإعلامية، الإعلام الجديد، المسؤولية الأخلاقية، المنصات الاجتماعية، إقليم كوردستان.

## The role and policy of new media platforms in developing professional ethical responsibility in the Kurdistan Region. A filed study.

**Azad AbdulAzeez Mohammed**
College of Arts, media department, Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

The purpose of this research is to determine the measures and guidelines presented by new media platforms to their users when they encounter problems, and the researcher wishes to highlight how familiar Kurdish journalists are with the policies of new media platforms and themselves in the Professional Ethical Responsibility. They will track it down.

The primary goal of this research is to introduce new media platforms' ethical responsibility guidelines. To assess the level of awareness and knowledge of individuals in the Kurdistan Region regarding the measures taken by new media platforms in response to unprofessional behaviour of social network users.

**Keywords:** Media Policy, New Media, Ethical Responsibility, Role, Social Platforms, Kurdistan Region.